# زمانەوانی دیالێکتۆلۆجی
# (دیالێکتە کوردییەکان بەنموونە)

(م.ی. أمیر محمد محمدامین) و (م.ی. همزە حسین حمە)
زانکۆی ڕاپەڕین / فاکەڵتی پەروەردە – قەڵادزێ / بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی زمان، زانستێکی تازەیەو پێی دەوترێ دیالێکتۆلۆجی زانستی دیالێکتۆلۆجی لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی کەمی لەسەر کراوە، لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە، چونکە جگە لە بۆچوون و ڕای جیاواز دەربارەی سنورو چۆنیەتی دەستنیشانکردنی دیالێکتەکان، هەروەها بۆچوونی جیاواز دەربارەی دەستنیشانکردنی شێوەدیالێکتەکان هەیە. هەرچەندە تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دەستنیشانکردن و دابەشکردنی سنوری جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون، کە بەشێک لە نووسەرانی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانە خۆیان بەو دیالێکتانە قسەیان کردووە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەرکردووە، دەکرێت لەمەودوا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر دیالێکتەکان بکرێت، چونکە زمانی کوردی خاوەنی چەندین دیالێکتی جۆراوجۆرەو تا ئێستا چەندین لایەن هەیە، کە پەی پێنەبراوەو دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنها گرفتێک، کە هاتۆتە ڕێو کارەکەی قورس کردووە، بیروبۆچوونی جیاواز بوو دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی دیالێکت و شێوەدیالێکتەکانی زمانی کوردی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بریتییە لە: (زانستی دیالێکتۆلۆجی، زاراوە و چەمک و پێناسەی دیالێکۆلۆجی، سنوری دیالێکتۆلۆجی، جۆرەکانی دیالێکت (دیالێکتی تایبەتی، دیالێکتی گشتی)، جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت). بەشی دووەم بریتییە لە: (دەستنیشانکردن و دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەتڵەسی زمان).

## بەشی یەکەم

### ١-١. زانستی دیالێکتۆلۆجی:-

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی هەر لە کۆنەوە، واتە (١٢٠٠ ساڵ پ.ز) بایەخ و گرنگی بە دیالێکتەکانداوە، یەکەم لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لێکۆڵینەوە بووە دەربارەی دیالێکتۆلۆجی، کە لەلایەن (پانینی)ەوە دەربارەی زمانی سانسکریتی ئەنجامدراوە، (ئەحمەد، ٢٠١١، ٣٤). (پانینی) وەکو زانایەکی شارەزا کتێبێکی دانا بە ناوی (هەشت پاڵو – المپمن –octagon)، کە لە هەشت بەش پێکهاتبوو. لەم کتێبەدا نزیکەی (٤٠٠٠) یاسای تێدا تۆمارکردبوو، پانینی لە کتێبەکەیدا باسی ڕێکخستنی دەنگەکانی زمانی سانسکریتیو سیستەمەکانی مۆرفۆلۆجیو ئەو یاسایانەی کە ڕستە بەڕێوەدەبەن کردووە.

فەیلەسوفەکانی یۆنان لەوە بەئاگابوون کە زمانی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە (ئەلیادە و ئۆدیسا) جیاواز بوو لەگەڵ هەر دیالێکتێکی زیندووی ئەو سەردەمەدا (روبنز، ١٩٧٨, ٣١) زمانی ڕەسمی وڵاتیان بە (Dialectos) و زمانی خەڵکی دیکە بە (Patios) ناوبردووە، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە یۆنانییەکان هەستیان بە بوونی دیالێکت و شێوەدیالێکت کردووە، هەستیان بەوە کردووە، کە جگە لەو دیالێکت و شێوەدیالێکتەی خۆیان بەکاریدەهێنن دیالێکت و شێوەدیالێکتی تر هەیە کە بەکاردەهێنرێت. یۆنانییەکان بایەخێکی زۆریان بە زمان داوە بە شێوەیەکی زۆر وردو چالاکانە لە بنج و بناغەو مێژووی زمانیان کۆڵیوەتەوە. واتە دەتوانین بڵێین سەرەتای بیرکردنەوەمان لە زمان بۆ سەردەمی گریکەکان دەگەڕێتەوە بەتایبەتی بەشێک لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوون و کراتیلۆس کە بە یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی لێکۆڵینەوە لە زماندا دەژمێردرێت.

ڕۆمانییەکان لەوبارەیەوە جگە لەوەی یۆنانییەکان پێشکەشیان کردووە، هیچیان لەسەر زێدە نەکردووە (ئەحمەد, ٢٠١١, ٣٦). لەسەردەمی ڕۆمانییەکاندا زمانی لاتینی باڵی بەسەر هەموو ئەوروپادا کێشابوو، زمانەوانەکانی ئەو سەردەمە هەموو تواناو هەوڵێکیان لەپێناو لێکدانەوەو باسکردنو خزمەتکردنی (زمانی لاتینی)دا بوو بەتایبەتی لەڕووی چۆنیەتی گوتنەوەی زمانەکە، واتە خەڵکەکە فێربکەن چۆن بەو زمانە بنووسن و بخوێنن. سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی زمان لە ڕۆمادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی

دووەمی پێش زاین، ڕۆمانییەکان وەسفێکی وردی زمانەکەی خۆیان نەکرد هەروەک یۆنانییەکان ئەنجامیان دابوو.
لەسەدەکانی ناوەڕاستدا (دانتی) گرنگییەکی سەرسوڕهێنەری بە لێکۆڵینەوە لە شێوەدیالێتەکانی (ئیتالیا) لە کتێبی ڕەوانبێژی گشتی (بلاغە العوام) داو، لەو کتێبەدا چارەسەری چواردە شێوەدیالێکتەکەی ئیتالی لەڕێزماندا کرد (عبدالعزیز، ١٩٨٣، ٢٥٨). دروشمی ئەو سەردەمە لەوەدابوو کە فەیلەسوف ڕێزمان دادەنێت، بیری سەرەکی لەو سەردەمەدا لەوەدابوو، کە هەموو زمانەکان یەک ڕێزمانی سەراپای بەربڵاویان هەیە، کە بەندە بە یاساکانی هۆشەوە نەک کەرەستەکانی زمان هەموو هەوڵێکی سەردەمەکە بریتی بوو لە گەڕان بەدوای ئەو بنەماو یاسایانەی کە ڕێزمانی سەراپا دەنوێنن. لەسەرەتادا گەڕان بەدوای ئەو یاسانە هەر لە ڕێگای زمانی لاتینیەوە بوو لاتینی تاقە زمانێک بوو کە ئەو سەردەمەدا گرنگی زۆری پێ دەدراو بەکاردەهێنرا. لەبەرئەوە بەلایانەوە تاقە زمانێک کە شایەنی خوێندن و لێکۆڵینەوە بێت زمانی لاتینی بوو، لەو ماوە دوور و درێژەدا، واتە لە سەدەی(٤ – ١٤)دا زمانی لاتینی پەرەی سەندووە کە لە شێوە کۆنەکەی گۆڕا بۆ شێوە تازەکەی کە بە زمانی ڕۆمانسی لە قەڵەم دەدرا. وەک (ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانی و ئیتالی)، بەڵام زمانەوانەکان سەرەتا هەستیان بە گۆڕانگاریەکان نەکرد، لەبەرئەوە هەر لەسەر زمانە لاتینیە کۆنەکە دەڕۆیشتن‌و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا زاناکان لەو سەردەمەدا لەو باوەڕدابوون کە زمانی لاتینی شێوەیەکی سروشتی و مەنتقی ئاخاوتنی مرۆڤە.
لەسەدەی حەڤدەدا لە (چین) لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر زمانی نوسراوی ئەدەبی، گواسترایەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان، بەتایبەتی دیالێتکەکانی (باکوری شاری پەکین)، دواتر لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو دیالێکتەجیاوازەکانی زمانی چینی ئەنجامدراوە (ئەحمەد، ٢٠١١, ٣٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دیالێکتۆلۆجی تا ئەو قۆناغەی بەشێوەیەکی زانستی سەریهەڵنەدا، بەڵکو سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٨٧٠)ز کاتێک ڕێزماننووسەلاوەکان گرنگییان بە (دیالێکتەکان)داو بڕوایان وابوو، کە دیاردەکانی دیالێکتیکی دەتوانن پێشکەوتنی باشتر بەدەستبهێنن بۆ سەلماندنی ڕاستی

تیۆرەکانیان کە پەیوەندیدارە بە دەرکردنی یاساکانی زمانیی (افتیش، ٢٠٠٠, ١١٦).

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازی وەسفیدا، گرنگییەکی زۆر بە دیالێکتەکان دراوە، بەشێوەیەک کە لێکۆڵینەوە وەسفییەکان ئەوەندە گرنگییان بە دیالێکتەکان داوە ئەوەندە گرنگییان بە زمانە ڕەسمییەکان نەداوە، ئەوەش پێچەوانەی ڕێبازی پێوەری دیرۆکی و بەراوردکاری بوو، بەڵام ڕێبازی وەسفی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی لە چوارچێوەی زمانە ڕەسمییەکان دەرهێناو بەرەو لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو لایەنانەی برد، کە لە خوارەوە دیاریکراون:

- زمان - Language
- دیالێکت - Dialect
- زمانی ستاندارد - Standard
- زمانی گشتی - (زمانی عام) Slang
- زمانی تایبەتی - (زمانی خاص) – Jargon
- زمانی چینی هەرە نزمی کۆمەڵگا – Valgarisms

لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆر لە زمانەوانان پێیان وایە، کە سەرەتا لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و زانستی لە دیالێکتەکانو سەرهەڵدانی زمانەوانی جوگرافی، داهێنانێکی زمانەوانی ئەوروپییە لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە بنەما سەرەکییەکەی ئەو زانستە لە کارەکەی زمانەوانی فەڕەنسی (جول چیرون) (١٨٥٤ – ١٩٢٦) لەژێر کاریگەری قوتابخانەی زمانەوانی فەڕەنسی ڕەنگیداوەتەوە.

## ١-٢. زاراوە و چەمك و پێناسەی دیالێکتۆلۆجی:

(دیالێکت – Dialect) زاراوەیەکی (گریکی)یەو لە زاراوەی (Dialectos)ەوە هاتووە، لە کوردیدا (دیالێکت – زار) و لە عەرەبیدا (اللهجە)ی لەبەرانبەر بەکارهاتووە، زاراوەی (لۆجی – Logy) بەواتای زانست دێت، بەمەش زاراوەی (دیالێکتۆلۆجی – Dialectology) لە زمانی کوردی بە واتای زانستی دیالێکتەکان (دیالێکتناسی – زارناسی) دێت، لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (علم اللهجات) دێت. (ئەحمەد، ٢٠١١, ٢٩).

زمانەوانی جوگرافی (Linguistic Geography) یان زانستی زارەکان (Dialectology) لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان، برتییە لە شیکردنەوەو

وەسـفکردنی هەمەجـۆری نـاوچەیی یـان کـۆمەڵایەتی یـان کـاتی بـۆ زمـانێکی دیـاریکراو و ڕوون و ئاشـکرا کە چـۆن ئەو هەمەجـۆریە لە درکانـدن یـان لە ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) یان لە فەرهەنگ جیاواز و دابەش دەبێت (عبدالعزیز, ١٩٨٣, ١٥٥).

(ئەحمەد، ٢٠١١، ٣٢) دەڵێت: دیالێکتۆلۆجی برتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیو سەرچاوەو پێکهاتەی دیالێکتەکانی زمـان، جگە لە هۆکارەکانی زمـانیی، بـاس لە هۆکارەکانی (تۆپۆگرافی، ڕێگا بازرگانییەکان، هۆکارە سیاسـی و ئانییەکانی ئەو نـاوچەو هەرێمـانەی کە دیالێکتەکـانی تێـدا بەکاردەهێنرێـت دەکـات). (بهاءالـدین, ١٩٢٨, ١٧). لەبـارەی دیـالێکۆلۆجییەوە دەڵێـت: (زمـانزان ڤـێ رویدانا زمانی ئانکۆ ڤەژین و ل خـودانێ ب نـاڤێ (بـوژینەوەو گەورەبـوون) و تا (لق) ژێ چونێ ب ناڤێ (دیالێکتۆلۆجی – Dialectology) ب ناڤ دکەن.

## ١-٣. سنوری دیالێکتۆلۆجی:

دیـالێکتۆلۆجی سـەیری زمـان و دیالێکتەکـان دەکـاتو لە توانایـدایە سـنوری دیالێکتەکان بە ڕێگای هێڵێکی ڕاست دیاری بکات کە لە چ شـوێنێک سـنوری دیالێکتێـک دەسـتپێدەکاتو لە چ شـوێنێک سـنورەکەی کۆتـایی دێـتو تەواو دەبێـت. دیـالێکتۆلۆجی بۆچـوونێکی مێـژووییە، پێـداگری لەسـەر پەیوەنـدی مێژوویـی نێـوان دیالێکتەکـانی زمـانییو پاشـماوەکانیان دەکـات کە دیالێکتێـک یـان زیـاتر لە دیـالێکتیکی پاراسـتبێت، لەبەرئەوە دیـالێکتۆلۆجی زیـاتر بـایەخ بە لێکدانو شـیکردنەوەی ئەو فۆڕمـانە دەدات کە هاوبەشـن نەک ئەو فۆڕمـانەی کە لەیەکتری جوودان (عەلی و عەبدوڵڵا, ٢٠١١, ٢٤).

لە ئێستادا لایەنەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کە زیاتر بە نـرخ و زینـدوو بێت لێکـــۆڵینەوەی دیـــالێکتۆلۆجییە یـــان هەمەجـــۆری شـــێوەکانی زمـــانو بەراوردکردنیـــان لەنێـــو زمـــانێکی دیـــاریکراودا، ئەمەش لێکـــۆڵینەوەیەکی هـاوچەرخە یـان لێکـۆڵینەوەیە لە زمـان لە بـاری ئێسـتایداو پێـداگری لەسـەر گـوتنی درکـاو دەکـاتەوەو بە هەمـوو شـێوەیەک لە نووسـراوەکان دوور دەکەوێـتەوەو دوای ئاڕاســتە گشــتییەکەی کە بــریتییە لە لێکــۆڵینەوە لە دیالێکتەکـانی نـاوچەییو دانـانی ئەتڵەسـەکانی زمـان، ئاڕاسـتەیەکی نـوێی لـێ بەدیارکەوت، کە ئەویش بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی کۆمەڵایەتی (عبدالعزیز, ١٩٨٣, ١٥٦).

دیالێکتۆلۆجی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی زانستی دیالێکتەکان دەداتو بە پلەی یەکەم لێکۆڵینەوە زمانەوانی لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافیو ئەو نیشانانەی کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە، دەکات.

## ١- ٤. جۆرەکانی دیالێکت:

### ١- ٤- ١. دیالێکتی تایبەتی: ئەوجۆرە دیالێکتە دەبێتە دوو بەش:

#### ١- ٤- ١- ١. دیالێکتی پیشەیی:

دیالێکتی پیشەیی بەناوی (Jopgon) ناونراوە، بەم شێوەیە پێناسە کراوە: ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەیە، کە لەلایەن خاوەن پیشە تایبەتیەکانەوە بەکاردەهێنرێتو لە ڕێگایانەوە پەیوەندی نێوان هەموو ئەوانەی خاوەنی ئەو پیشەیەن دەبەسترێت. وەکو پیشەکانی (کرێکار، جوتیار، ئەندازیار، پزیشک، .... هتد)، کە هەریەک لەو پیشانە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیان هەیە.

#### ١- ٤- ١- ٢. دیالێکتی چینایەتی:

دیالێکتی چینایەتی دوو بەش لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە: بەشی یەکەم بە (Nulgarisms) ناودەبرێتو تێیدا جیاوازی و تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی لەگەڵ چینێکی دیکەی هەمان کۆمەڵ هەیە، وەکو کۆمەڵی شارنشین و گوندنشین. بەشی دووەم بە (Standard Speech) ناودەبرێتو بەکارهێنەرەکانی لە چینێکی تایبەتنو تێیدا ڕەچاوی هیچ لە بنەماو یاساکانی زمانەکە ناکەن.

### ١- ٤- ٢. دیالێکتی گشتی:

دیالێکتی گشتی ئەو دیالێکتەیە کە زۆرینەی بەکارهێنەرانی زمانێک بۆ هەموو دیالێکتەکان بەکاریدەهێننو بە (Slang) یان (Callqualism) ناودەبرێت. هەروەها لە جۆرەکانی دیالێکتی گشتیدا باس لە دوو جۆری (دیالێکتی ستاندارد – Standard Dialect) و (دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان – Social Dialect) کراوە، کە لەلایەن کۆمەڵێکی فراوانەوە بەکاردەهێنرێت (ئەحمەد, ٢٠١١, ٢٧).

## ١- ٥. جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت:

دیارە جیاکردنەوەی زمان و دیالێکت کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە یەکلایکردنەوەی دوو شێوە قسەکردنی جیاواز ئایا ئەو شێوە قسەکردنە دوو دیالێکتی یەک زمانن یان ئەوەندە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە کە ببنە دوو

زمانی جیاواز؟ لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینەڕوو کە جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت دەخەنەڕوو:

١- زمان لایەنێکی گشتی و سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە،و بە هەموو لایەکی وڵاتدا پەلدەهاوێژێ،و تا ڕاددەیەک هەموو دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنوری جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە دیالێکت لایەنێکی تایبەتە (قادر و حمەأمین, ٢٠٠٧, ١٤).

٢- زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان دیالێکتەکاندا هەن، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنەدا هەیە.

٣- زمان پەیوەیستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، واتە ئەگەر قسەکەرانی دوو دیالێکت لەیەکتر نەگەیشتن، ئەوا هەریەک لەو دوو دیالێکتانە بەرەو ئاراستەیەکی زمانی سەربەخۆ دەڕۆن.

٤- بەشێوەیەکی گشتی زمان بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێت، بەمشێوەیە: (زمانی نوسراو، زمانی جەستە، زمانی بینراو، زمانی ڕووخسار، زمانی ئاخاوتن، زمانی دەق، زمانی شیعر، زمانی ڕەنگ، ... هتد)، بەڵام دیالێکت ئەوجۆرە دابەشکردنانەی نییە، بەڵکو دیالێکت ئەمجۆرانە دەگرێتەوە: (دیالێکتی پەتی، دیالێکتی ستاندارد، دیالێکتی ناوچەیی، دیالێکتی فەرمی، دیالێکتی ڕەمەکی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی، ... هتد).

٥- زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگا دابەش دەبێت، کە هەندێجار باس لە زمانی ئافرەت و زمانی پیاو دەکرێ، بەڵام ئەوە خۆی لەخۆیدا بە شێوازی کردەی ئاخاوتنەوە، واتە دەچێتە حاڵەتی دیالێکتەوە نەک زمان (ناوخۆش و عەبدوڵڵا، ٢٠١٠, ٧٥).

## بەشی دووەم

### ٢- ١. دەستنیشانکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

سەبارەت بە دیاریکردنو دەستنیشانکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، نووسەرانو زمانەوانانو مێژوونووسان، هەریەکەیان بەجۆرێک

دیالێکتەکانیان دیاریکردووە. لەخوارەوە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەخەینەڕوو.

١- شێخ محمدی خاڵ لە کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی دابەشکردووە:

أ- زازا

ب- کرمانجی دەستە چەپ (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).

ت- کرمانجی دەستە ڕاست (سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران).

پ- لوڕی (بەختیاری، لەکی، فەیلی) (خاڵ، ١٩٦٠، ٣٤).

٢- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کتێبی (زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:

أ- لوڕ

ب- کرمانجی ژووروو: (بۆتانی، هەکاری، بادینی، بایەزیدی، ئاشتیایی).

ت- گۆران: (هەورامی).

پ- کرمانجی خواروو: (سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی). (ڕەسوڵ، ١٩٧١، ١٩ – ٢٥).

٣- جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ- کرمانجی ژووروو (بۆتانی، جەزیری، هەکاری، بادینی، ئاشتەیی، بایەزیدی)

ب- کرمانجی ناوەڕاست (سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، گەرمیانی، هەولێری، کەرکوکی، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پشدەری)

ت- کرمانجی خواروو (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی)

پ- گۆرانی و زازایی (گۆران، هەورامی، زازایی) (نەبەز، ١٩٧٦، ٨).

٤- محمد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورد)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:

أ- کرمانجی ژووروو: (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینی، ماردینی).

ب- کرمانجی ناوەڕاست: (سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکوکی).

ت- کرمانجی خواروو: (هەورامانی، لوڕی، باجەلانی، زازایی) (هەورامانی، ١٩٨١، ٦٨).

٥- صادق بهاوالدین ئامێدی لە کتێبی (ڕێزمانا کوردی) دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ- زاریَ کرمانجی (کرماجی یا ژۆری، ناڤەڕاست، ڕۆژئاوا) (بادینی)

ب-زاریَ سۆرانی (کرمانجی یا ژێری و ڕۆهەلاَت) (سلیَمانی)

ت-زاریَ لۆڕی و کەلهوڕی

پ-زاریَت بچویَک زازا (دوملی) شەبەک و هەورامی (بهاءالدین, ١٩٨٧، ٢٠).

٦- کامیل حەسەن بەسیر و کوردستان موکریانی و صادق بهاوالدین حەمە ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زارە کوردییەکان)دا دیالێکتەکانی زمانی کوردییان بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ- زاری کرمانجی خواروو

ب-زاری کرمانجی ژووروو

ت-زاری هەرامانی

پ-زاری لوڕی (بەسیر و ئەوانی تر، ١٩٨٧، ٥).

٧- زوبێر بیلال ئیسماعیل لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

أ- کۆمەڵەی سەروو (کرمانجی)

ب-کۆمەڵەی خواروو (سۆرانی) (ئیسماعیل، ١٩٩٧، ٧٠).

٨- تارا عەبدوڵلا سەعید لە نامەی دکتۆراکەی بەناوی (هەندێ لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی) دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

أ- کرمانجی ژووروو

ب-کرمانجی ناوەڕاست

ت-کرمانجی خواروو

پ-گۆران و زازا (سەعید، ١٩٩٨، ٧).

٩- تۆفیق وەهبی لە کتێبی (ئەشکەوتەکەی گوندۆک)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

أ- کرمانجیی

١- کرمانجی ژووروو: (بادینی، بۆتانی، ئاشنیانی، هەکاری، بایەزیدی)

٢- کرمانجی خوارووی: (موکریانی، مهابادی، سۆرانی، هەولێری، سلێمانی، کەرکوکی، سنەیی، ئەردەلانی)
ب-لوڕی: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی)
ت-گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگنەیی، هەورامانی)
پ-زازایی (عزیز، ٢٠٠٥، ٥١).
١٠- فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردیو دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:
أ- کرمانجی باکور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).
ب-کرماجی ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).
ت-کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، هۆهگلۆیی، لەکی، کەلهوڕی).
پ-گۆرانی ڕەسەن: (هەورامانی، باجەلانی، زازا). (خورشید، ٢٠٠٨، ٣٨).
١١- شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرەفنامەدا) بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:
أ- دیالێکتی کرمانج
ب-دیالێکتی لوڕ
ت-دیالێکتی کەلهوڕ
پ-دیالێکتی گۆران (بەدلیسی، ٢٠١٠، ٢١).
١٢- محمد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان) هەر وەکو شەرەفخان دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:
أ- دیالێکتی کرمانج
ب-دیالێکتی گۆران
ت-دیالێکتی لوڕ
پ-دیالێکتی کەلهوڕ
١٣- محمد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (خلاصە تاریخ کورد و کردستان) بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:
أ- کرمانجی ڕۆژهەڵات
ب-کرمانجی ڕۆژئاوا
ت-کرمانجی باشوری ڕۆژئاوا (دزەیی، ٢٠١١، ٢٢).

١٤- تاهیر صادق لە کتێبی (ڕێنووس – چۆنیەتی نووسینی کوردی)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:
أ- زازا
ب-لوڕ: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).
ت-کرمانجیی:
١- کرمانجی ژووروو: (بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).
٢- کرمانجی خوارووو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران) (هەمان سەرچاوە، ٢٣).
١٥- کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردیو ئەدەبیو نووسینیان)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:
أ- کرمانجی ژووروو
ب-کرمانجی خواروو
ت-کوردی باشور
پ-گۆران و زازا (هەمان سەرچاوە، ٢٤).
١٦- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد لە کتێبی (ئەتڵەسی زمان)دا بەم شێوەیە باسی لە دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە:
أ- گروپی دیالێکتی کوردی باکوور.
ب-گروپی دیالێکتی کوردی ناوەڕاست.
ت-گروپی دیالێکتی کوردی باشوور.
پ-گروپی دیالێکتی کوردی زازایی (ئەحمەد، ٢٠١١، ٧٦).
جگە لە زمانەوانە کوردەکان، ڕۆژهەڵاتناسەکانیش شوێن دەستیان لە دەستنیشانکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دیارەو بەمشێوەیە دیالێکتەکانیان دەستنیشانکردووە:
١٧- ئەولیا چەلەبی زمانی کوردی بەسەر پازدە دیالێکت دابەشکردوو، بەم شێوەیە: (زازا، لۆلۆ، عونیکی، محمودیی، شێروانی، جزیرەیی، پسانی، سنجاری، ڕۆژکی، سۆرانی، خالدی، عمادی، چەکوانی، حەریری، ئەردەلانی)
١٨- مینورسکی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دەستنیشانکردووە:
أ- شێوەی زمانی خواروو لە (کرماشان و سەنەندج ... هتد) پێکهاتووە.
ب-شێوەی زمانی ڕۆژهەڵات لە (سلێمانی ، سابڵاغی) پێکهاتووە.
ت-شێوەی زمانی ڕۆژئاوایی.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسەکانی وەکو (قەشە گارزۆنی و ئەلیکساندەر ژابا و مارتن مارتینۆس و مێجەرسۆن ... هتد) دیالێکتەکانی زمانی کوردییان دابەشکردووە. (عزیز، ٢٠٠٥، ٤٩).

سەرەڕای ئەوەی تاکو ئێستا بەشێوەی جۆراوجۆر دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکراون، بەڵام ئەم دابەشکردنانە بەشێوەی تاکێتی (فردی) ئەنجامدراون، هەرچەندە ئەم جۆرە دابەشکردنانە خزمەتێکی باشیان بە بواری زمانەوانی کوردی کردووە، بەڵام ئێمە نەمان ویست سەرلەنوێ دابەشکردنێکی تر بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکەین، بەڵام بە پێویستی دەزانین لیژنەیەک پێکبهێنرێت، کە چەندین پسپۆڕی زمانەوانیو خەڵکی ڕۆشنبیر لەخۆ بگرێتو بەشێوەی گشتی (جماعی) نەک تاکێتی سەرلەنوێ دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە پێوەرێکی زانستی دابەشبکرێتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەی نوێ پەیدادەبێتو سنوری جوگرافی دیالێکتەکان دەگۆڕێت، چونکە بەردەوام زمان لە گەشەو گۆڕاندایە.

## ٢- ٢. ئەتڵەسی زمان:

ئەتڵەسی زمان بەوە دەناسرێت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک نەخشە و تابلۆ کە دابەشکردنی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دەنگیی یان ڕستەسازی یان فەرهەنگی زمان یان دیالێکت یان هەریەکەیان ڕوون دەکاتەوەو مادەکەی کۆ دەکاتەوە. توێژەرە ڕاهێنەرەکان ڕاهێنانێکی مەیدانیان لە زمانێکی دیاریکراو کردووە لە میانەی گفتوگۆیەکی ئاسایی یان وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یان پشت بەستن بە کاسێتی تۆمارکەر لەپاشان ئەو یاداشتانە لەسەر نەخشەکان تۆمار دەکرێت یان لە کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە (عبدالعزیز، ١٩٨٣، ١٦٣).

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بابەتە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بە داهێنانێکی ئەوروپی لەقەڵەم دەدرێت، ڕابەرەکانی جۆرج فینکەر (Gorg wenker) ی ئەڵمانی و جۆلز جیلیرۆن (Golz Gilleron)ی فەرەنسییە کە هەریەک لەوانە ڕێبازی تایبەت بە خۆی لە شێوازی دانانی ئەتڵەسی زمانی بۆ وڵاتەکەی هەبووە. یەکەم ئەتڵەسی زمانی لە مێژوودا بۆ زمانی ئەڵمانی دانرا، کە زانای ئەڵمانی (جۆرج فینکەر) لە ماوەی دە ساڵ (١٨٧٧ – ١٨٨٧) بە ئەنجامی گەیاندووە، شێوازو ڕێگاکانی بەم شێوەیە بووە:

لیستێکی لە چل ڕستەی زمانی ئەڵمانی دروستکردووەو لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ پەنجا هەزار بەڕێوەبەری قۆتابخانە جیاجیاکانی هەموو ناوچەکانی ئەڵمانیا ناردووە، وەڵامی چل و پێنج هەزار لیستی بۆ گەڕاوەتەوە، ڕستەکان جۆراوجۆر بوون لە ڕستەی سادە و لێکدرا و ئاڵۆز پێکهاتبوون. لە ڕێگای پۆلێنکردنی ئەم لیستانەوە (جۆرج فینکەر) توانی ڕووپێوی زمانی ئەڵمانی ئەنجام بدا، چونکە داوای لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کردبوو بەرانبەر بە هەر ڕستەیەک کە لە لیستەکەدا هاتووە ڕستەی شێوەدیالێکتی ناوچەکەیان تۆمار بکەن. بەمە توانی جیاوازی نێوان ناوچە جیاوازەکان لەسەر نەخشەی ئەڵمانیدا بەرجەستە بکات. دوای جۆرج فینکەر، میتزکا (Mitizka) لە ساڵی ١٩٣٩ لیستێکی لە دووسەد وشەی فەرهەنگی ئەڵمانی دروستکرد بە هەمان شێوە بۆ پەنجا هەزار بەڕێوەبەری قوتابخانە جیاجیاکانی ناوچە جیاوازەکانی ئەڵمانیا نارد. ئەنجامی ئەم کارە بووە هۆی فراوانکردنی ئەتڵەسەکەی ئەڵمانی. دووەم ئەتڵەس لە جیهاندا بۆ زمانی دانیمارکی کراوە، ماریۆس کریستین (Maryas Kristen) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ – ١٩٢١ ئەنجامی داوەو کاریگەری فینکەری تەواو پێوە دیارە، بەڵام کارەکەی ماریۆس لە هەموو ڕوویەکەوە لەچاو کارەکەی فینکەر بچوکترە (هەمان سەرچاوە).

جۆلز جیلیرۆن (Golz Gilleron)لە ساڵی ١٨٩٦ شەش سەد و سی و نۆ ناوچەی وەکو خاڵی سەرەکی بۆ ئەنجامدا ئەتڵەسی فەڕەنسی دەستنیشانکردووە، لەم کارەیدا حەوسەد گێڕەرەوەی زمانیی دەستنیشانکردووە، لە ڕێگای ئەمانەوە داتاکانی کۆکردۆتەوەو لەسەر نەخشەی جوگرافی فەڕەنسی تۆماری کردوون، لەو حەوسەد کەسە گێڕەرەوە، شەستیان ژن بوون، ئەوانی تر لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی بوون. بەم شێوەیە توانی لە ساڵی ١٩٠٢ بەشێکی ئەتڵەسی فەڕەنسی بڵاوبکاتەوە. تەواوی ئەتڵەسەکە لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکرایەوە.

ئەتڵەسی ئیتالی لەلایەن کارل جوبێرگ (Karil Joberg) لە ساڵی ١٩٣١ بڵاوکرایەوە، کە ناوبراو خوێندکاری جۆلز جیلیرۆن بوو، هەمان شێوازی مامۆستاکەی لە دانانی ئەتڵەسەکەدا گرتبووەبەر، تەواوی پرۆژەکەی لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکرایەوە (هەمان سەرچاوە).

ئەتڵەسی ئەمریکی و کەنەدی لەدوای ئەتڵەسی ئەوروپی سەریهەڵدا، یەکەم هەنگاوی پڕاکتیکی ئەتڵەسەکە نیوئینگلاند لە ساڵی ١٩٣٩ دەستیپێکردو لە ساڵی ١٩٤٣ پڕۆژەکە تەواوبوو و بڵاوکرایەوە. بەڕێوەبەری پڕۆژەکە هانز کۆراس (Hanez Kurath) بوو، شایانی باسە کە هەریەک لە پۆڵ چورمێر (Poll Sechermrior) و جاکۆب جود (Jacob Jud) کە دوو هاوکاری سەرەکی جۆلز جیلیرۆن بوون لە دانانی ئەتڵسی فەڕەنسیداو بەشدارییان کردبوو لە دانانی ئەتڵەسی ئیتالی و سویسری بە مەبەستی مەشقپێکردنی تیمەکانی ئامادەکار بۆ دانانی ئەتڵەسی زمانی ئەمریکی و کەنەدی، سەردانی ئەمریکایان کردو زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەشداریان لەم پڕۆژەیە کردبوو، لەلایەن ئەوانەوە ڕاهێنانیان پێکرا، بەڵام بەهۆی جەنگی جیهانیو مردنی سەرۆکی تیمەکەیان، ئەتڵەسەکە دواکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر کار لەسەر ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا کراو ئەتڵەسێکی فراوان بۆ ئەو زمانە دانرا.
یەکەم ئەتڵسی زمانی عەرەبی لەلایەن برجستراسەر (Bergstrasser) لەسەر دیالێکتەکانی سوریا و فەلەستین لە ساڵی ١٩١٥ نەخشێنراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ ج. کۆنتینۆ (J. Contineau) شەست نەخشەی جیاجیای بۆ دیالێکتی حۆران کە دەکەوێتە نێوان عێراق و سوریا داناوە، لەپاڵ ئەمەدا ئەتڵەسی شێوەدیالێکتەکەشی لە ساڵی ١٩٦١ داناوە (سەعید، ٢٠١١، ٦٧ – ٦٩).
دەکرێت ئێمەی کوردیش ئەتڵەسی زمانی کوردیمان هەبێت، ئەویش لەڕێگەی سازکردنی کۆنفرانسێک بۆئەوەی لەو کۆنفرانسەدا شێوازو ڕێگەی ئەنجامدانی ئەتڵەسی زمانی کوردی دیاریبکرێت، دواتر لەڕێگەی لیژنەیەکی زانستی زمان کاری ئەنجامدانی ئەتڵەسی زمانی کوردی جێبەجێ بکرێت، کە لەڕێگەی ئەو ئەتڵەسەوە سنوری جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی ورد دەستنیشان بکرێتو تایبەتمەندییو جۆری دیالێکتەکان شیبکرێنەوەو لەڕێگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە دیالێکتەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، لەبەرئەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەگەشەو گۆڕانو فراوانبوونی بەردەوامدان، هەربۆیە هەبوونی ئەتڵەسی زمانی کوردی پێویستییەکی هەنووکەییە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە هەنگاوێک بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی بهاوێژینو بەشێوەیەکی زانستی خزمەت بە زمانی کوردی بکەین.

## ئەنجامەکان

١- دیالێکتۆلۆجی گرنگی و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زانستی دیالێکتەکان دەدات، لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافیو ئەو نیشانانەی کە پەیوەندییان بە چۆنیەتی دابەشبوونی دیالێکتەکانەوە هەیە، لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات.

٢- دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێوەی جۆراوجۆر دابەشکراون، ئەم دابەشکردنانە بەشێوەی تاکە کەسی ئەنجامدراون، هەرچەندە ئەو دابەشکردنانە بەهاو نرخیان زۆرەو لە کاتو ساتی خۆیدا خزمەتێکی باشیان بە بواری زمانەوانی کوردی کردووە، بەڵام ئەم دابەشکردنانە لە کەموکوڕی بەدەر نین، چونکە بەردەوام زمان لە گەشەو گۆڕاندایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەی نوێ پەیدادەبێتو سنوری جوگرافی دیالێکتەکان دەگۆڕێت، لەبەرئەوە پێویستە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە شێوەی گشتی (جماعی) دابەشبکرێنەوە و قاڵبێکی گشتگیر لەخۆ بگرن.

٣- بوونی ئەتڵەسی زمانی کوردی هەنگاوێک نزیکمان دەکاتەوە لە دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی، چونکە لەڕێگەی ئەو ئەتڵەسەوە دەتوانرێت سنوری جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی ورد دەستنیشان بکرێتو تایبەتمەندییو جۆری دیالێکتەکان شیبکرێتەوەو لەڕێگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە دیالێکتەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەمەش خزمەتێکی زۆر بە زمانی کوردی دەکرێت.

## سەرچاوەکان

### أ- سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان, (٢٠١١), ئەتڵەسی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢- بەدلیسی، شەڕەفخانی, (٢٠١٠), شەڕەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، پەخشانگای پانیز، تاران.

٣- بەسیر, کامیل حەسەن و ئەوانی تر، (١٩٨٧), زارە کوردییەکان، کۆلێجی ئاداب، بەشی کوردی، پۆلی یەکەم، مطبعة جامعة صلاح الدين.

٤- بهاءالدین، صادق، (١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی، چاپا یەکێ، طباعة و نشر دارالشؤن الثقافية العامة، بغدا.

٥- خاڵ، شێخ محەمەدی، (١٩٦٠)، فەرهەنگی خاڵ، سلێمانی.

٦- خورشـید، فوئـاد حەمە, (٢٠٠٨), زمـانی كـوردی و دیالێكتەكـانی، چـاپی یەكەم، سلێمانی.
٧- دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر, (٢٠١١), زارە كوردییەكـان، چـاپی یەكەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.
٨- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا, (١٩٧١), سـەرنجێ لە زمانی ئەدەبی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەلمان، بەغدا.
٩- سـەعید، تـارا عەبـدوڵلا، (١٩٩٨)، هەنـدێ لایەنـی ڕێزمـانی زاری فەیلـی، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١٠- سـەعید، یوسـف شـەریف، (٢٠١١)، زمـانەوانی، چاپی یەكەم، چاپخـانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر.
١١- عەبدوڵلا, عەبدولسـەلام نەجمەدیـن و عەلـی, شـێرزاد سـەبری, (٢٠١١)، زمانڤانییا تیۆری، چاپخانەیا حاجی هاشم، چاپا ئێكێ، هەولێر.
١٢- عەبدوڵلا, عەبدولسـەلام نەجمەدیـن و عەلـی, شـێرزاد سـەبری, (٢٠١١)، زمانڤانییا كارەكی، چاپا ئێكێ، چاپخانەی خانی، دهۆك.
١٣- عەزیـز، حوسـێن مـحەمەد، (٢٠٠٥)، سـەلیقەی زمـانەوانی و گرفتەكـانی زمانی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.
١٤- قـادر، بكـر عمـر و حـمە أمـین، شـێركۆ، (٢٠٠٧)، زار و شـێوەزار، چـاپی دووەم، سلێمانی.
١٥- نەبەز، جەمال، (١٩٧٦)، زمانی یەكگرتووی كوردی، ئەڵمانیا.
١٦- نـاوخۆش، سـەلام و عەبـدوڵلا، ئیـدریس، (٢٠١٠)، كوردۆلـۆجی، چـاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر
١٧- هەورامانی، محەمەد ئەمین, (١٩٨١), زاری زمـانی كـوردی لە تەرازووی بەراورد دا، بەغدا.

## ب- سەرچاوە عەرەبییەكان:

١٨- افتيش، میلكا، (٢٠٠٠), اتجاهات البحث اللسـانی، ترجمـة: سـعد عبـدالعزيز مصلوية – وفاء كامل فايد، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الثانيه، بغداد.
١٩- الضامن، حاتم صالح، (١٩٨٩), علم اللغة، مطبعـة التعلـيم العـالى بالموصـل، جامعة، بغداد.
٢٠- روبنز، (١٩٧٨)، موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، ترجمه: أحمـد عـوض، عالم المعرفه، الكويت.

٢١- عبدالعزيز، محمد حسن، (١٩٨٣), مدخل الى علم اللغة، دارالنمر للطباعة، كلية دارالعلوم، جامعة القاهرة.

## ملخص البحث

## علم اللغة الدياليكتولوجى، اللهجات الكوردية كنموذج

البحث عن لهجات اللغة يعتبر من العلوم الحديثة، يسمى بالدياليكتولوجى، البحث عن اللهجات الكوردية ليس بالأمر السهل، لأن اللغة الكوردية تمتلك الكثير من اللهجات المتنوعة وهناك أراء و أفكار مختلفة لتحديد اللهجات وأفرعها فى اللغة الكوردية. هذا البحث عدا المقدمة والنتائج والمصادر والمراجع، يتألف من قسمين، بهذا الشكل:-

القسم الأول يتألف من المواضيع الأتية: علم الدياليكتولوجى، المصطلح والمفهوم وتعريف الدياليكتولوجى، حدود الدياليكتولوجى، أنواع اللهجات: اللهجات الخاصة يتألف من: اللهجات المهنية و الطبقية، اللهجات العامة يتألف من: اللهجات الستاندارية واللهجات الأجتماعية، الفرق بين اللغة واللهجة.

القسم الثانى يتألف من هذه المواضيع: تحديد وتصنيف اللهجات فى اللغة الكوردية، أطلس اللغة.

## Abstract

## Dialectological Linguistics (Kurdish dialects as simple)

Infact dialectology is the new language science that deals with the language dialects is not an easy task because it contains various types of dialects and there are many viewpoints about specifying the dialects and varieties of Kurdish language. This study includes an introduction, two sections, conclusion and the reference list.

The first section deals with the term, concept, and definition of dialectology, the boundary of dialectology, types of dialect including a specific dialect (vanking and Jopgon dialects) and general dialects (standard and social dialects) and the difference between language and dialect.

The second section is devoted to the specification and classification of Kurdish language dialects and Atlas of language.